**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٢٧١٥ لە ٢٠٢٦/٥/١٩**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگەی (١) لە ماددەی(١٧) لە سیستەمی دایەنگەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٧) ی ساڵی(٢٠١٣) ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢٦ تایبەت بەدایەنگەکان**
**لە هەرێمی کوردستان - عیراق**

**ماددەی (١):**
لابردنی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١١).
**ماددەی (٢):**
ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەچێتە بواری جێبەجێ کردن.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٢٣٧٦ لە ٢٠٢٦/٥/٣**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتمان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنەوەی (سەنتەری ئۆتیزم) لەشارۆچکەی (هەریر) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامانی هەولێر.
٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لەسەر دەکرێت، وە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**